Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2024.11305

# هۆکارەکانی گەشەکردنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام

**شەماڵ خالد حەسەن[1]، شوان عوسمان مستەفا[2]**

١- پەیمانگای تەکنیکی و پیشەیی ڕاپەڕین ، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان . عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | December, 2024 |
| Revised: | January, 2025 |
| Accepted: | February, 2025 |

**Keywords**

گرینگترین، هۆکارەکان، گەشەکردن، شارستانیەتی ئیسلام

**Corresponding Author**

shamal.hassan@rtvi.edu.iq
shwana.mustafa@univsul.iq

**پوختە:**

باسکردنی هۆکارەکانی گەشەکردنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام بابەتێکی گرینگە و هەڵدەگرێت چەندین توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدرێت, چونکە چەندین هۆکاری جۆرا و جۆر و گرینگ بوونە هۆکاری گەشەکردنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا, لەوانە هۆکاری ڕامیاری و ئابوری و ئایینی و کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی سەردەمە مێژوویەکە چەندین هۆکاری تری گرینگ.

لە لایەکی ترەوە ڕۆڵ و کەسیەتی خەلیفەکان و دەسەڵاتداران لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامدا دەبێتە یەکێک لە هۆکارەکانی گەشەکردنی شارستانیەتی ئەو جیهانە و ئەگەرچی فراوان بوونی سنورەکان و هاتنە ناوەوەی ڕەگەزی جیاواز لە پێکهاتەی نەتەوە جیاوازەکان و گەشەی خیرای بازرگانی و کرانەوەی جیهانی ئیسلام بە ڕووی شارستانیەتی جیهانی مەسیحی و سوود وەرگرتن لە فەلسەفەی دەوڵەتداری ئەو جیهانە و گواستنەوەی ئەزمونەکانی خۆ بەڕێوەبردن.

جگە لەمانە ململانێ هزرییەکانی نێوان گرووپە ئیسلامییەکان یەکێکی ترە لە هۆکارە کاریگەرەکانی گەشەکردنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام و خوێندنەوە و تێگەیشتنی تازە و سەردەمیانە بۆ دەقەکانی ئایینی ئیسلام وایکردبوو کرانەوەیەکی زیاتر ڕوو لەو جیهانە بکات و پێکەوە ژیان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی جیاواز هاتبووە کایەوە و گروپەکانی وەک موعتەزیلە و ئیخوان سەفا و چەندین گروپی تری هزری بوونیان هەبوو بە جۆرێک هەر یەکێک لەوانە لە ڕێگەی بەرهەمە فیکرییەکانی یاخود عەقیدەییەکانیەوە توانیویەتی گۆڕانکاری لە ئاست و جۆری بیرکردنەوەی تاکی مسوڵمان و نامسوڵماندا دروستبکات.

## پێشەکی:

توێژینەوە دەربارەی هۆکارەکانی گەشەکردنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام گرینگی خۆی هەیە و دەمانگەیەنێت بە ڕاستی و دروستی ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی گەشەکردن و پێشکەوتنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام لە دەرئەنجامی کارلێکی شارستانی لەگەڵ شارستانیەتی جیهانی مەسیحیدا لە سەدەکانی ناوەڕاست.

هۆکاری هەڵبژاردن و دیاریکردنی ئەو بابەتە ئەوەیە، کە تاکو ئێستاش شرۆڤەیەکی زانستی بۆ هۆکارەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام نەکراوە, ئەوە لە کاتێکدا زۆرترین دەنگدانەوەی لە ناوەندەکانی یار و نەیاری شارستانیەتی جیهانی ئیسلامدا دروستکردووە.

ئامانج لەو توێژینەوەیە ڕاستکردنەوەی هەموو ئەو نوسینانەیە، کە لەسەر بنەمای نازانستی دەربارەی ئەم بابەتە نوسران، هاوکات ئاشناکردنی خوێنەرە بەو بابەتە گرینگە و لێکەوتەکانی.

توێژینەوەکە لە دوو تەوەر پێکدێت تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ بابەتی سەقامگیری ڕامیاری و لە شەش خاڵی سەرەکیدا هۆکارەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام بە شرۆڤەی زانستی وورد خراونەتە ڕوو لە تەوەری دووەمیشدا باسی بزوتنەوەی وەرگێران کراوە وەک زەمینە سازی و هۆکاری گرینگی گەشەکردنی ئەو جیهانە و پێشکەوتنی.

نوسینی ئەم توێژینەوەیە بە سوود وەرگرتن لە چەندین سەرچاوەی گرینگ بووە، هەندێک لە سەرچاوەکان سوودی زۆریان بۆ ئەم توێژینەوەیە هەبووە بە تایبەت لە نێو سەرچاوە بنچینەییەکاندا کتێبی(الكامل في التاريخ) ی (ابن الاثير, م: ٦٣٠/ ١٢٣٣ز) و هەروەها (معجم البلدان)ی (ياقوت الحموی, م: ٦٢٦ک/ ١٢٩٩ز) و چەندین ژێدەری گرینگی وەک (تاريخ الحضارة الاسلامية)ی فاسيلی فلاديميروفتش.

## تەوەری یەکەم: سەقامگیریی ڕامیاری

جیهانی ئیسلام لە کۆتاییەکانی سەردەمی دەوڵەتی ئومەوی و سەرەتا و ناوەڕاستی دەسەڵاتی دەوڵەتی عەبباسیدا، تا ڕادەیەک سەقامگیریی ڕامیاری هەبووە، بە تایبەت لەسەردەمی (هارون الرشید)دا (ابن الاثیر، ١٩٩٧: ٤ ـ ١٢)، لەگەڵ خەلیفە (المأمون, ١٩٨_٢١٨ک/ ٨١٣_٨٣٣ز)دا, بەم هۆیەشەوە شارستانیەتی جیهانی ئیسلام گەشەی گەورەی شارستانی بەخۆیەوە بینیوە، و بواری هەبووە، کە بتوانێت بیر لە هەنگاوەکانی بەرەو پێشچوونی ئەو جیهانە بکاتەوە, چونکە چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە ئەگەر ناسەقامگیری و مەترسی هەبوو لەسەر سنوورەکانی دەوڵەت, ئەوا سەروەریی خاکەکەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر هەڕەشە و بواری گەشەکردنی شارستانیەت دەوەستێت (ابن سعد، ١٤٠٨: ٣٠ + مؤنیس، ١٩٨٤: ١٥١).

**یەکەم:** کەسیەتیی خەلیفەکان و ڕەنگدانەوەیان لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامدا

کەسیەتیی خەلیفەکان, کە ئەرکی دینی و دونیای مسوڵمانیان لەئەستۆگرتبوو کاریگەریی گەورەیان لە بەرەوپێشبردن و گەشەکردنی ئەو جیهانەدا هەبووە، بە جۆرێک خەلیفە و دەسەڵاتداران لە قۆناغێکی مێژوویی ڕۆڵی سەرەکی و دیاریان لە ڕەوتی پێشکەوتنە شارستانییەکانی جیهانی ئیسلامدا هەبووە، هەروەها پێچەوانەکەشی ڕاستە, هەر لە سەردەمی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان و بەشێک لە خەلیفە بەهێزەکانی دەوڵەتی ئومەوی (البلاذری، ١٩٨٨: ١٦٩)، هەروەها خەلیفەی بەتواناکانی سەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی عەبباسی و تێکەڵیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی شارستانیەتی جیهانی مەسیحیدا، بۆ نموونە (ابی جعفر المنصور, ١٣٦_١٥٨/ ٧٥٤_٧٧٥ز) (ابن کثیر، ١٩٨٨: ١٢٩) و (المهدی, ١٥٨_١٦٩ک/ ٧٧٥_٧٨٥ز) و (هارون الرشید, ١٧٠_١٩٣/ ٧٨٦_٨٠٩) و (المأمون, 198_218ک/ ٨١٣_٨٣٣ز) (ابن سعد، ١٤٠٨: ٢٨) بەشێکی زۆر لە خەلیفە و دەسەڵاتدارانی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام نموونەی وەک سەڵاحەدینی ئەیوبی و چەندین دەسەڵاتداری بەتوانای ئەو جیهانە (ج. کراوس، ١٩٩٨: ٢٥٥)، ئەوانە بەشێکی گرینگبوون لە ڕەوتی پێشکەوتنە شارستانییەکانی جیهانی ئیسلامدا، جا بەهۆی توانا کەسییەکانیانەوە بێت، یان بەهۆی هاندان و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیارییەوە بووبێت، یاخود لە ڕێگەی کۆڕ و دانیشتنە زانستییەکان و گرینگیدان بێت بە زانکۆکان و ناوەندە زانستییەکانی ئەو سەردەمە (ابن الاثیر، ١٩٩٧: ٣١٠ ـ ٣٢٠)، هەروەها گەل و نەتەوە جیاوازەکانی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام خۆیان خاوەنی شارستانیەتی دێرین و کاریگەربوون, زیرەکی و لێهاتوویی، هەروەها تێکەڵی خەلیفەکان لەگەڵ ئەو گەل و نەتەوە جیاوازانە وایکردبوو شارستانیەتی جیهانی ئیسلام زیاتر گەشەبکات و سوود لە داهێنانە جۆراوجۆرەکانیان وەربگرن (بروکلمان، ١٩٨٢: ١٥٠ ـ ٢٠٠ الشهرستانی، د.ت: ٤١ ـ ٦٧).

**دووەم:** ڕۆڵ و کاریگەریی گەلانی ناموسڵمان و موسڵمانە ناعەرەبەکان (الموالی)[i]

ئەوەی جێگای سەرنجە لە هۆکارە گرنگەکانی گەشەکردنی شارستانیی جیهانی ئیسلام, گەلانی ناموسڵمان و مسوڵمانە ناعەرەبەکانن, کە ڕۆڵی گەورە و کاریگەرییان لە گەشەسەندنی شارستانیی ئەو جیهانەدا هەبووە (الدوری، ١٩٨٥: ١٢٠ ـ ١٥٠ + ابن الاثیر، ١٩٩٧: ٦)، بە جۆرێک سەرەتا زۆربەی هۆکارەکانی پێشکەوتنە شارستانییەکان لە شارستانی جیهانی مەسیحی و گەلانی ئێرانەوە وەردەگرن، کە لە دواییدا بە شێواز و فۆرمی نوێ گەشەی پێدەدەن (ابن الاثیر، ١٩٩٧: ١٤٠)، ئەوانەشی پشکی شێریان لە ڕەوتی پێشکەوتنی شارستانی جیهانی ئیسلامدا بەرکەوتبوو زانایانی کوردن (زکی، ١٩٧٦: ١٥٠ ـ ١٨٠)، بە شێوەیە بە لێهاتوویە تاکە کەسییەکان و بە پشتیوانی دەسەڵاتی دەوڵەتی خیلافەتی ئەوکاتە، زۆربەی زۆری داهێنانە گەورەکان ئەوان ئەنجامیدەدەن، ئەمە سەرەڕای ڕۆڵ و هەوڵی نەبڕاوەی زانایانی گەل و نەتەوە جیاوازەکانی جیهانی ئیسلام, بەرهەمە شارستانییەکانیشیان گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن (ابن الاثیر، ١٩٩٧: ١٠٠ ـ ١٥٠ + حسن، ١٩٦٠: ١٤٠ ـ ١٦٠ + بورهان، ٢٠٢٤: ٥٠ ـ ٧٥).

**سێیەم: بازرگانی**

یەکێک لەو هۆکارانەی بووە هۆی گەشەکردنی شارستانی جیهانی ئیسلام بازرگانییە, بە شێوەیەک هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی شارستانی جیهانی ئیسلامەوە بازرگانی وەک ڕەهەندێکی سەرەکی و هۆکاری گەشەی شارستانی جیهانی ئیسلام ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە, بۆیە لە بازنەیەکی فراواندا بازرگانی پەرەپێدراوە, تا گەیشتووەتە ئەوەی، کە چەندین ناوەندی گرینگی بازرگانی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شارستانی جیهانی ئیسلامدا بوونیان هەبووە و لە لایەن خودی خەلیفەوە سەرپەرشتیکراون (الاندلسی، د.ت: ٣١٣ + الدخیل، ٢٠٠٣: ٢٣ ـ ٢٦), ئەو ناوەندانە ناوەندی گرینگی ئاڵوگۆڕە بازرگانییە فرە لایەن و جۆراوجۆرەکان بوون, بە تایبەت لە ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلامدا، کە تێکەڵاوی و ئاڵوگۆڕی کاڵاکان لەگەڵ شارستانی جیهانی مەسیحیدا بەرچاوتربوون و زۆرتربوون (ابن خرداذبة، ١٨٨٩: ١٥٣), گرینگترین قافڵە بازیشرگانییەکان لە دوو ڕێگای سەرەکییەوە ئاڕاستە دەکران:

**أ- ڕێگای وشکانی**

بەر لە ئیسلام چوار (٤) ڕێگا لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەبوون, دواتر سێ (٣) لەو ڕێگایانە دەکەوتنە سنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی خیلافەتەوە, ئەوەش هۆکارێکی گرینگ بووە, کە جیهانی ئیسلام ببێتە ڕایەڵەیەکی گرینگ لە نێوان و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا, ڕێگای وشکانی چ لە ڕۆژهەڵاتی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام چ لە ڕۆژئاوای ئەم شارستانیەتەدا بایەخی خۆی هەبووە، بۆیە چەندین ڕێگای گرینگی بازرگانی بونیان هەبووە و کاروانە بازرگانییەکان لەو ڕێگایانەوە توانیویانە بگەنە شوێنی مەبەست، بۆ نموونە: ڕێگایەکی سەرەکی لە عێراقەوە بۆ شام و دواتر بۆ میسر، پاشان بەرەو باکوری ئەفریقیا و ڕۆژئاوای شارستانیەتی جیهانی ئیسلام ڕۆیشتووە بەرەو ئەندەلوس و ئاڵوگۆڕی کاڵاکانیان کردووە (کانەبی، ٢٠٠٣: ١٩٠ ٢٠٣ + E;-Cheikh, 2004 78 – 104) و لە هەمان کاتدا ڕێگای ڕۆژهەڵاتی دوور بۆ هیند و سند و ناوچەکانی بوخارا و سەمەرقەند و چەندین ناوچەی تری گرینگ بەکارهاتووە و بازرگانیی خزمەتکار و کۆیلەکان و کاڵای، وەک (عود و میسک وداری سینی و ...هتد.) ئاڵوگۆڕیان پێکراوە (ابن خرداذبة، ١٨٨٩: ٦٠ ـ ٦٢ + ابن الفقیه، 1996: 251), ئەمە سەرەڕای ڕێگای گرینگی ئاسیای ناوەڕاست لە باکوری شارستانیەتی جیهانی ئیسلامەوە بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتی و شاری قوستەنتینیە (Goitein,1976: 221 - 245).

**ب- ڕێگای ئاوی**

ڕێگای دەریای سپی ناوەڕاست گرینگترین ڕێگای ئاوی بووە و خاڵی بەیەکگەیاندنی هەرسێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپا بووە, لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکور و باشوری ئەو دەریایەوە جووڵەی بازرگانی گرینگ روویداوە لە نێوان هەردوو شارستانییەتەکەدا ((Ashtor, 1976: 150 – 184)، جگە لەمانە دەریای سوور بەرەو دەریای عەرەب لە باشوری نیمچەدوورگەی عەرەبەوە و لەوێشەوە بۆ زەریای هێمن و ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و هیندستان, جووڵەی بازرگانی گرینگ هەبووە، بە ڕادەیەک، دەکرێت بڵێین: شادەماری ڕێگای بازرگانی ئاوی لەوێوە تێپەڕیووە, لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامدا

چەندین بەندەری گرینگی بازرگانی بوونیان هەبووە، بۆ نموونە: بەندەری (البصرة) لە عێراق (البلاذري، 1988: 341+ اليعقوبي، 1422: 205 ـ 310 + زلوم، 1985: 70 ـ 85) و بەندەری (عدن) لە باشوری یەمەن (العمري، 190: 85 ـ 100) و هەروەها لە شامیش بەندەری بازرگانی گرینگ وپڕ جووڵە هەبوون، لە نموونەی بەندەری (عكا) لە شام (أبو زهرة، 1995: 90 ـ 105)، کە گرینگترین شوێن و دەروازەی کارگۆ (ترانزێت) بووە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، لەگەڵ ئەمانە لە باکوری کیشوەری ئەفریقیا بەندەری گرینگ هەبوون، بۆ نموونە بەندەری (الأسكندرية) لە میسرِ (الحموي، 1422: 234 ـ 245 + عبدالقادر، 1987: 80 ـ 95)، ئەمانە بوونەتە هۆی جووڵەی بازرگانی جۆراوجۆر لە دەرئەنجامی ئەو جووڵە زۆرەی بازرگانیشدا بازرگانێکی زۆر هاتنە مەیدانی کار و ڕۆڵیان لە بەرەو پێشبردن و گەشەکردنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامدا هەبووە، چونکە هەم بازرگانی پایەکی گرینگی شارستانی بووە، هەمیش بازرگانی لێهاتوو هۆکاری ئاڵوگۆڕی کەلتوور ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان بووە (ابن خرداذبة، 1889: 154 ـ 155).

جگە لەمانەش ڕێگاکانی ناوخۆ لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شارستانیەتی ئەم جیهانەدا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بەکاردەهێنران و بووبوونە هۆی ئەوەی چەندین ناوەندی گرینگی بازرگانی و بازاڕی سەردەمی بێنەکایەوە، لەوانە: بازاڕەکانی وەک (سوق الرصافة) لە بەغداد، (سوق المربد) لە بەسرا و (سوق الفسطاط) لە میسرِ (ابن خلدون، 2005: 250 ـ 270).

**چوارەم: ناوەندەکانی خوێندن زانست و مەعریفە**

کۆمەڵێک ناوەندی گرینگی خوێندن و مەعریفە لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامدا بوونیان هەبووە, کە بووبوونە هۆی گەشەکردنی ئەم شارستانیەتە, بە جۆرێک ناوەندەکان زۆربەی بوارە جیاوازەکانی زانستی و مەعریفی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامیان لەخۆگرتبوو لە سەرووی هەمووشیانەوە مزگەوت و کتێبخانەکان و قوتابخانە زانستی و ناوەندە مەعریفییەکانی وەک خانەی حیکمە لە بەغداد (التكريتي، 1980: 128) و خانەی زانستی لە میسرِ و چەندین کۆڕ و دانیشتنی زانستی تر، کە لە لایەن زانایان و ناوەندە زانستییەکانەوە دەبەستران بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی زانست و گەشەکردنی شارستانی ئەو جیهانە, بە تایبەت لە شاری (قرطبة), ئەمانە و چەندینی تر کاری خۆیان دەکرد و بەرهەمەکانیان هۆکارێکی دیاری پێشکەوتنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام بوون (الازدي، 1988: 16 ـ 20 + هلال وصبح، 1986: 8 ـ 12).

**پێنجەم: ململانێ هزرییەکانی نێوان گروپە ئیسلامییەکان**

بە بۆچوونی ئێمە یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی ڕەوتی گەشەسەندنی شارستانی جیهانی ئیسلام دەرکەوتنی گروپە ڕامیارییەکان و کەلامییەکان و ئاینزاکان و ...هتد. یە (دراز، 1978: 125 ـ 145), بە جۆرێک هەر یەکێک لەوانە لە ڕێگەی بەرهەمە فیکرییەکانی یاخود عەقیدەییەکانیەوە توانیویەتی گۆڕانکاری لە ئاست و جۆری بیرکردنەوەی تاکی مسوڵمان و نامسوڵماندا دروستبکات، لە گرینگترین و بەرچاوترینی گروپەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

**١. موعتەزیلە_ المعتزلة**

گروپی (المعتزلة) بە تێگەیشتنە ئاقڵانی و فکرییەکانیان بۆ دەقە ئایینیەکان کرانەوەیەکی گەورەیان بۆ شارستانیەتی جیهانی ئیسلام دروستکردبوو, کە بووبوونە پێشەنگ لە بواری هزر و کرانەوە لە فەلسەفەی ئیسلامیدا, لەبەرئەوەی کراوە بوون لە ئەقڵ و تیگەیشتن لە دەقەکان و گەشەپێدانی زانستە مرۆییەکاندا، وەک: فەلسەفە و زانستی کەلام و ئەمانەش بوونەتە هۆکاری گەشەی زیاتری شارستانیەتی جیهانی ئیسلام لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا بە تایبەت لەو سەردەمانەی خەلیفەکان پشتیوانیان بوون (أبو زهرة، 1996: 231 ـ 370).

**٢. ئەشعەرییەکان_الأشاعرة**

دەرکەوتنی گروپی (الأشاعرة) زیاتر پەرچەکرداربوو لە دژی گروپی (المعتزلة)، کە داوای گونجاندیان لە نێوان دەقە ئایینییەکان و ئاقڵدا دەکرد (البغدادي، 1997: 180 ـ 220+ صبحي، 1986: 45 ـ 98), ئەوەیان بە داهێنەری هزری سوننی میانڕەو دادەنا و بە بۆچوونەکانیان بەشداربوون لە گەشەی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامدا و (نظام الملك, ٤٥٦_٤٨٥ك/ ١٠٦٤_١٠٩٢ز) لە دەوڵەتی سەلجوقی قوتابخانەی نیزامی پەرەپێداوە، کە وەک ناوەندێکی گرینگی زانستی دەرکەوتووە, و لە دواتردا کاریگەریی لەسەر گەشەی ڕەوتی شارستانیەت لە جیهانی ئیسلامدا هەبووە (ابن عساكر، 1995: 240 ـ 260 + الصالح، 1994: 150 ـ 175).

**٣. شیعە_ الشيعة (الإسماعيلية)**

گروپە شیعەکان بە تایبەت ئیسماعیلییەکان گرینگی زۆریان بە بواری زانستی هەناوی (باطنی) و فەلسەفە داوە، هەروەها کاریگەرییان لەسەر پێشکەوتنی هزری ڕامیاریی ئاییی بە تایبەت لەسەردەمی دەوڵەتی فاطمیدا هەبووە, کە دەوڵەتێکی شیعە مەزهەب بووە (الكعبي، 1978: 220 ـ 245+ غالب، 1964: 150 ـ 200) و زۆر گرینگیان بە زانست و هونەر داوە و هەر لە سەردەمی ئەوانیشدا چەندین ناوەندی زانستی و هزری و زانکۆی گرینگ کراونەوە، لە نموونەی زانکۆی (الازهر, ٣٦١ك/ ٩٧٢ز) لە میسرِ, کە ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی لە بواری زانست و شارستانیەتدا هەبووە و هەیە (مجموعة من الباحثين ، 1969: 45 ـ 65).

**٤. خەواریج_الخوارج**

ئەگەرچی گروپەکانی (الخوارج) گروپی ڕامیاری و سەربازی بوون و زیاتر لە شێوەی گروپی چەکداری و ئۆپۆزسیۆن دەردەکەوتن, بەڵام کاریگەرییان لەسەر گەشەی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام هەبووە، هەروەها ئەو کاتانەی دەوڵەت تووشی پەرشوبڵاوی بووە ئەوان هێزی خۆیان کۆکردۆتەوە و بەشێوەی دەسەڵاتی لامەرکەزی کاری ڕامیارییان ئەنجامداوە، چونکە ژمارەیەکی باشی سەربازیان هەبووە, کە بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە (ابن الاثير، 1997: 212 ـ 240 + الجبوري، 1986: 95 ـ 130).

**٥. ئیخوان سەفا_ إخوان الصفا**

دەتوانین، بڵێین: گروپی (اخوان الصفا) گەورەترین و کاریگەرترین گروپی کەلامی بوون, کە جێدەستیان لە گەشەپێدانی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامدا بە بۆچوونە عەقیدەیی و زانستی و فەلسەفییەکانیان و لێبوردەیی ئاییی و جیاوازی بۆچوونەکانیانەوە دیاربووە، هەروەها چەندین لایەنی تری وەک لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕەخنەی لوژیکی بوونە هۆکاری پێشکەوتنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام (عوض، 1993: 60 ـ 110).

**شەشەم: فرەیی شارستانیەتە دێرینەکان لە نێو سنووری دەوڵەتی ئیسلامدا:** فراوانبوونی سنوورەکانی شارستانیەتی ئیسلام، یەکێکە لە هۆکارە گرینگ و کاریگەرەکانی گەشەی ئەم شارستانیەتە، بە جۆرێک لە ئەنجامی فراوانبوونی سنوورەکان تاقە و وزەی جیاواز و جۆراوجۆر لە شارستانیەتە دێرینەکانی

وەک میسۆپۆتامیا و میسری کۆن و شام و ئێران و بەشێک لە هیند و چین و هەروەها شارستانیەتی رۆمانی کۆن و باکوری ئەفریقیا و ئەندەلوسەوە هاتنە نێو بازنەی شارستانی جیهانی ئیسلامەوە (الشرقاوي، 1971: 112 + 104 – 78 :El-Cheikh, 2004), لە هەموو بوارە گرینگەکانی شارستانیەت بە تایبەت دوای ئەو فراوانبوونەی لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا روویدا, کە بە بناغەیەکی تۆکمە و فراوانەوە لە سەرەتای شارستانیەتی ئیسلامەوە دروستبوو, کە دواتر بۆ سەردەمی خیلافەتی عەبباسی و دەوڵەتانی تری نێو بازنەی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام گوازرایەوە (بڕوانە: السیوطي، 2004: 180 ـ 250). لە دەرئەنجامی ئەم فراوانبوونە کۆمەڵێک دەسکەوت بەدیهاتن، لەوانە:

١ـ جوگرافیا و کەشوهەوای جۆراوجۆر, چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە جووڵەی شارستانیەوە هەیە, هەروەها بەهێزی سنوورەکان و هەبوونی جیوپۆلەتیکی جیاواز لە رووی ڕامیاری و سەربازییەوە.

٢ـ فرەیی لە هەبوونی کانزاکان و کانزای جیاواز لە نێو ئەو سنوورە فراوانەدا, کە بووبوونە هۆکاری بەهێزی ژێرخانی ئابووری شارستانی جیهانی ئیسلام (متز، 1941: 56).

٣ـ دووبارە گەڕانەوە و سەرهەڵدانەوەی کە لتوور و ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان بۆ نێو بازنەی شارستانی جیهانی ئیسلام لە گەل و نەتەوە جیاوازەکانەوە، بە تایبەت لە مەسیحییەکان و جولەکە و کوردەکانەوە (زیدان، د.ت: 89).

٤ـ فراوانبوونی بازنەی بازرگانی و جۆرە جیاوازەکانی بازرگانی لە نێوخۆی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام و شارستانیەتی جیهانی مەسیحیدا، بە جۆرێک چەندین جۆر کاڵای گرینگ کەوتنە بازاڕەکانی هەردوو جیهانەکەوە, کە پێداویستی ئەو سەردەمە بوون (Watson, 1983: 47 - 65).

## تەوەری دووەم: بزوتنەوەی وەرگێڕان و ڕۆڵی زانایان و وەرگێڕان

بزوتنەوەی وەرگێڕان، یەکێکە لە هۆکارە هەرە گرینگ و کاریگەرەکانی گەشەکردنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام, بە چەشنێک هەموو ئەو پەرتوک و زانیارییانەی لە زمانی لاتینی و زمانی سریانی و فارسی کۆن و هیندییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی هەم هۆکاری گەشەی شارستانیەتی ئەم جیهانە بوون, هەمیش بوونە ئەنجام (زیدان، د.ت: 110), چونکە دواتر بە جۆرێکی تر، یاخود لە بیچم و شێوازێکی تردا جارێکی تر دەدرێنەوە بە شارستانی جیهانی مەسیحی، بێگومان ئەم کارەش لە ڕێگەی بزوتنەوەی وەرگێڕانەوە کراوە، جێگەی ئاماژەپێدانە، کە بزوتنەوی وەرگێڕان بە چەند قۆناغێک فراوان دەبێت، لەوانە:

١ـ**-قۆناغی یەکەم**, سەردەمی خیلافەتی ئومەوی: سەدەی (١ـ٢ک/ ٧ـ٨ز), سەرەتا و بناغەیەکی گرینگە بۆ دەرکەوتنی بزوتنەوەی وەرگێڕان و چەندین دەقی گرینگ, کە پەیوەندییان بە لایەنی بەڕێوەبردن و هونەرەکانی جەنگەوە هەبووە، کە لە زمانی فارسی و یۆنانییەوە بۆ زمانی سریانی و پاشان زمانی عەرەبی وەرگێڕدران (البغدادي، 1983: 110 ـ 115 + حوراني، 1991: 120 ـ 130)، بە تایبەت لە لایەن کەسیەتیی زانستخواز (خالد بن یزید بن معاویة), هەروەها خەلیفە (عبدالملک بن مراون)ەوە (عبید، 2010: 160).

٢ـ **قۆناغی دووەم**, سەردەمی خیلافەتی عەبباسی: سەدەی (٢ـ٤ک/ ٨ـ١٠ز)، کە ئەو ماوەیە، ماوەی گەشە و گۆڕانکاریی گەورەیە لە مێژووی بزوتنەوەی وەرگێڕاندا (ابن الندیم، 1997: 240 ـ 255)/ چونکە لە ماوەیەدا و لە لایەن خەلیفە (ابوجعفری منصور)ەوە خانەی (حکمة) دامەزرا (ابن الندیم، 1997: 170 ـ 180)، کە گرینگترین ناوەند بوو بۆ وەرگێڕانی چەندین زانیاری دەقیی گرینگ، لەوانە کارەکانی (أرسطو) و (أفلاطون) و ( إقلیدس) و هەروەها (جالینوس) (الکرملي، 2020: 65 ـ 70)، لە دوای (أبوجعفر منصور) خەلیفەکانی وەک (هارون الرشید) و (المأمون)یش زۆر یارمەتی بزوتنەوەی وەرگێڕانیان داوە، و کاری فەلسەفیی گرینگ لە سەردەمی ئەوان وەرگێڕانیان بۆ کراوە (الدینوري، 1992: 300 ـ 310).

٣- **قۆناغی سێیەم**, سەردەمی ناوەڕاست لە خیلافەی عەبباسیدا: سەدەی ( ٤ـ٥ک/ ١٠ـ١١ز) (نخبة من الباحثین، 1985: 25), لەو ماوەیەدا بزوتنەوەی وەرگێڕان لەسەر کارەکانی بەردەوامبووە و زۆر کەسایەتیی زانستی لە بواری وەرگێڕان دەرکەوتن، لەوانە: (حنین بن اسحاق) و هەروەها (ثابت بن قرة) (الکرملي، 2020: 63), کە لە وەرگێڕانی چەندین دەق و بەرهەمدا بەشداربوون، لەوانە: دەقی فەلسەفی و فەلەکی، هەروەها لەو سەردەمەدا زۆر گرینگی بە زانستەکانی بیرکاری و فەلەک و کیمیا دراوە، و هەریەک لە کارە کارە پزیشکییەکانی (جالینۆس, Galenus ) و (ئەبراقت, Hippocrates ) وەرگێڕانیان بۆ کراوە (سزکین، 1991: 80 ـ 100).

٤ـ **سەردەمی چوارەم**, گواستنەوەی زانست و مەعریفە لەشارستانیەتی جیهانی ئیسلامەوە بۆ شارستانیەتی جیهانی مەسیحی: سەدەی (٦ـ٨ک/ ١٢ـ١٤ز)، ئەو ماوەیە گەشەی بزوتنەوەی وەرگێڕان وەستابوو بەهۆی کێشە ناوخۆییەکان و شەڕی خاچییەکان و شاڵاوی مەغۆلەکان بۆسەر جیهانی ئیسلام (أبو الفداء، (د.ت): 340 ـ 350), لەگەڵ ئەوەدا هێواش هێواش زانست و زانیاری بەرە و شارستانیەتی جیهانی مەسیحی گوازرایەوە، بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی دەقە وەرگێڕدراوەکان بۆ زمانی لاتینی، بەتایبەت لە ئەندەلوس و صقلیة (سزکین، 1983: 160 ـ 175).

بەم شێوەیە بزوتنەوەی وەرگێڕان لە سەردەمی خیلافەی ئومەوییەوە دەستپێدەکات (الطبري، 1997: 533 ـ 534) و لە سەردەمی خیلافەی عەبباسییەکاندا دەگاتە لوتکە و خانەی حیکمە سەنتەر و ناوەندی دیاری بزوتنەوەی وەرگێڕانە لەو سەردەمەدا, ئەمەش لەبەر ئەوەی تەنیا خانەیەک نەبووە بۆ وەرگێڕان، بەڵکو لە نێو خودی ئەو خانەدایە چەندین دامەزراوەی گرینگ لە بوارەکان دەستنوس و کۆپی کردن و گواستنەوە دابەش کردندا کاریان کردووە، جگە لەمانە فێربوون و شارەزابوونی قورئان لە نێو ئەو خانەیەدا بەخورتی (ئیجباری) بووە (المسعودي (د.ت): 172 + مرحبا، 1980: 217) زانایانی مسوڵمان وەک چاودێر و هەڵەبڕی هەڵەکانی زانایانی تر کاریان کردووە، هەروەها خواستنی کتێبەکان بێ بەرانبەر بووە، چەندین زانای بەناوبانگ لەو خانەیە کاریان دەکرد و بە وەرگێڕانەکانیان لە بوارە جیاوازەکاندا بوونە هۆکاری گەشەکردنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام بە جۆرێک نەک تەنیا لە بەغداد و خانەی حیکمە، بەڵکو لە زۆربەی ناوەندە زانستییە گرینگەکانی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام ئەمە بەدیدەکرا, وەک ئەو کتێبخانانەی پاشکۆی زانکۆکان ومزگەوتە گەورەکان بوون لە سامراء بەغداد و قاهیرە و دیمەشق و زانکۆکانی قەیرەوان و قورتوبە و زانکۆی قەرەوییین چەندین ناوەندی تر (الحنبلي، 1986: 183 + متز، 1941: 330), ئەمە لە کاتێکدا بوو ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێو شارستانیەتی جیهانی مەسیحیدا بە بەراود بە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامدا زۆر بەرزبوو، بە جۆرێک لە نێوان سەدەی (٢ـ٣ک/ ٩ز) بۆ سەدەی(٥ـ٦ک/ ١٢ز) ڕێژەی نەخوێندەواری گەیشتە ٩٥/٠, ڕۆژهەڵاتناس (ادم متز, Adam Metz )[ii] لم وبارەیەوە لە کتێبەکەیدا بە ناوی (الحضارة الاسلامیة في قرن الرابع الهجري)دا دەڵێت: " ئەوروپا لەو کاتەدا خاوەنی ژمارەیەکی کەمی کتێبخانە بوو ئەوانیش شوینکەوتەی کڵێسا و ئەدیرەکان بوون" (متز، 1941: 140 ـ 160), لە مێژووی گەلانی

شارستانیەتی جیهانی مەسیحیدا دیاردەی گرینگیدان و بەرز نرخاندنی کتێب بەدینەکراوە، بە تایبەت لە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و گرینگدان بە شارستانیەتی گریک و ڕۆمانی, وەک ئەوەی مسوڵمانان ئەنجامیا دا لەسەردەمی بووژانەوە و گەشەسەندنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامدا, لە زۆربەی ماڵەکان کتێبخانە هەبووە، بە جۆرێک خێزانە دەوڵەمەندەکان بە دوای دەستنوسی گرانبەها و دەگمەندا دەگەڕان، هەروەها بازرگانە مسوڵمانەکانیش دەچوونە دوورترین شوێنی دونیا بۆ دەستخستنی نوسخەی دەسنوسی و نوێ و دەگمەن، لەگەڵ ئەوەشدا خەلیفەکان و دەوڵەمەندەکان پارەیەکی زۆریان دەدا بۆ دەستخستنی ئەو دەستنوسانە, ئەمە پێماندەڵێت: پەرۆشی مسوڵمانان و زاناکانیان لە بوارە جیاوازەکان بووبوونە هۆکاری گەشەی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام و پەخشکردنی بەرهەمە شارستانییەکانیان بەسەر شارستانیەتی جیهانی مەسیحیدا لە بوارە جیاوازەکان (فلادیمیروفتش، 1966: 105 ـ 106).

لە ڕابردوودا خاڵەکانی پەیوەندی لە نێوان شارستانیەتی جیهانی ئیسلام و شارستانیەتی جیهانی مەسیحیدا جۆراوجۆربوون لەبەر ئەوە بەشێک لە زانستە گەشەپێدراوەکانی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام بۆ شارستانیەتی جیهانی مەسیحی گوازرانەوە لە ڕێگەی سەقەلییە وئەندەلس (الثعالبي، 1983: 81 ـ 85) ، بە تایبەت لە تولیوتلیە, بەهۆی وەرگێڕانەکانی (جیرارد الكريموني,Gerardus Cremonensis ) لە زمانی عەرەبیەوە بۆ زمانی لاتینی[iii] و هەروەها لە سەقەلییە پاش ئەوە موسوڵمانەکان فەتحی جەزیرەیان کرد لە ساڵی (٣٥٤ک/ ٩٦٥ز) (عباس، 1975: 35)، و لە دوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی (نورمان,Normans ) لە ساڵی (٤٨٤ک/ ١٠٩١ز)دا لێرەوە ڕۆشنبیرییەکی عەرەبی نورمانی لەدایکبوو[iv]،  بۆ گەشەپێدانی زیاتری ئەو ڕۆشنبیرییە فەرمانڕەوایەکی وەکو (روجر الثاني, Ruggero II ,٤٨٨_٥٤٨ک/ ١٠٩٥_١١٥٤ز) پاشای سەقەلییە\ پلانی تایبەتی بۆ دانابوو، چەند سەرباز و شاعیر و زانای موسڵمان هەبوون لە سنووری دەسەڵاتەکەیدا و کاریان داهێنان و گەشەپێدانی زیاتری ئەو ڕۆشنبیرییە بوو (Claude, 1983: 302).

هەروەها شاڵاوەکانی خاچییەکانیش ڕۆڵیان لە ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان شارستانیەتی هەردوو جیهانەکەدا هەبوو(Howard, 1980: 260), قوتابخانە و ناوەندە زانستییەکانی ئەنتاکیاش ڕۆڵی لە ئاوێتەبوونی عەرەبی و لاتینیدا بینیوە، جگە لەمانە لە نێوان سەدەکانی (٥_٧ک/ ١١ز) بۆ (٧_٨ک/ ١٤ز) زۆرێک لە مەسیحییەکان بۆ وڵاتانی ئیسلامی هاتوون، بە ئامانجی بەدەستهێنانی زانستەکانی پزیشکی و فەلسەفە و بیرکاری و ...هتد. لە نموونەی ئەوانەش (لیوناردو فیبوناتشی,Leonardo Fibonacci )یە (هەمان سەرچاوە، ٢٦١).

لە دوای ڕوخاندنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست بەشێکی زۆر لە دەقە کلاسیکییەکان بۆ ئەوروپاییەکان بەردەستنەبوون، لە کاتێکدا ئەم بارە تەواو پێچەوانەبوو لە ڕۆژهەڵاتدا، بە شێوەیەک زۆربەی شاکارەکانی ئیغریقییەکان، وەکو شاکارەکانی ئەرستۆ لە سەدەکانی شەش و حەوتدا لە زمانی یۆنانییەوە بۆ سریانی وەرگێردرابوون، هەروەها بەشێک لەو دەقانە پارێزراوبوون و گەشەیانپێدرابوو، لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامدا وەرگێردرابوون، بە تایبەت لە ناوەندە زانستیەکانی وەک بەغداد (البغدادي، 2001 : 404 + الموسوي، 1982: 129)، کە هەزاران دەق لەخۆدەگرت، دواتر بەشێک لەو دەقانە جارێکی تر بۆ سەر زمانە ئەوروپاییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وەرگێردرابوونەوە، کە مەسیحییە ڕۆژهەڵاتییەکان ڕۆڵی گەورەیان تێیدا هەبوو، دەوڵەتی عەبباسیش پشتگیری زۆری دەکردن، تا ئەم دەقانە لە یۆنانییەوە بۆ سریانی و پاشانیش بۆ عەرەبی وەربگێڕدرێن، هەر ئەو دەقانە جارێکی تر بۆ لاتینی بە ڕێگەی جۆراوجۆر وەرگێردرانەوە (البغدادی، ١٩٨٣: ١١٠ ـ ١١٥ + مرحبا، ١٩٨٠: ٢١٤) .

شارستانیەتی جیهانی ئیسلام بەشدارییەکی کاریگەری لە زانستەکانی جەبر و کیمیا و جیۆلۆجیدا هەبوو، لەوانیشەوە بۆ جیهانی مەسیحی گوازراوەتەوە، هەروەکو چۆن (الخوارزمی) گەشەی بە ڕێگەی جێبەجێکردنی بواری ژمێریاریدا بە بەکارهێنانی ژمارە عەرەبییەکان لە سەدەی(٧ک/ ١٣ز)، (لیوناردو فیبوناتشي)ش بۆ ئەوروپا گواستییەوە[v]، هەروەها (روبیرت جیتر) کاری وەرگێرانی کتێبێکی (الخوارزمی) بە ناوی (المختصر فی حساب الجبر والمقابلة) لە ساڵی(٥٤٠ک/ ١١٤٥ز)دا ئەنجامدا (Roshdi, 1994: 48) ، هەروەها (إبن الهیثم)[vi] چەند کتێبێکی لە بواری زانستی (البصریات)دا هەیە، کە دوایی (إسحاق نیوتن)[vii] و (رینییە دێکارت) لە لێکۆڵینەوەکانیاندا پشتیانپێبەستووە[viii]، هەروەک چۆن زانستی پزیشکی پێشکەوتبووە لای پزیشکە موسوڵمانەکان و ئەوانەش، کە بەشداری شاڵاوی خاچییەکانیان کردووە گەواهیانداوە, لەسەر لێهاتوویی پزیشکانی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام, بۆ نموونە (جان دی جوانفیل)[ix], باسی ئەوە دەکات، کە گیانی لەسەر دەستی پزیشکێکی موسڵمان ڕزگارکراوە (Spiegel, 1993: 33 - 45).

شارستانیەتی جیهانی مەسیحی لە دوای رووخاندنی ئیمپراتوریەتی ڕۆمانی گرنگییان بە فەلسەفەی گریکی نەداوە، چونکە دەقە زانستییەکان لەو بوارەدا بە زمانی لاتینی لە ڕۆژئاوای ئەوروپادا بەردەستنەبوون, بەهۆی ئەو پەرشوبڵاوییەوی لە ڕۆژئاوادا هەبوو دوای رووخاندنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی (عاشور، ١٩٧٦: ٥٠ ـ ٦٠), بەڵام هەمان دەق بەردەستبوون بە زمانی عەرەبی لە جیهانی ئیسلامدا، (جیراردو الكريمونا)[x], خۆی فێری زمانی عەرەبی کردووە، بە جۆرێک لە طلطلیة ئەم هەلەی قۆستۆتەوە کتێبێکی زۆر بەردەستبووە لەوێ لە هەموو بوارەکاندا، تەنیا خۆی هەشتاوحەوت کتێبی لە عەرەبییەوە بۆ لاتینی لە بوارە جیاجیایەکانی زانستدا وەرگێڕاوە، وەکو: ئەندازە (جەبر) و ژمێریاری و البصریات و ئەستێرەناسی و فەلەکناسی و پزیشکی و کیمیا  و دەرمانزانیدا, هەروەها لە سەدەکانی ناوەڕستدا چەندین کاری تری ئیسلامی وەرگێردراونە سەر لاتینی، لەوانە کارەکانی ئەبوبەکری ڕازی و ئیبن سینا و ئیبن ڕوشد و بەتروجی و ئیبن مەجوسی وئەبومەشعەری بەڵخی و ... هتد. روبرت أوف كيتون  (Robert of Ketton), کە زانایەکی بەریتانی بوو لە ساڵی (٥٣٨ک/ 1143ز), قورئانی پیرۆزی بۆ سەر زمانی لاتینی وەرگێڕاوە (Segovia, 2000: 39 - 56 + Larkin, 2006: 434 – 449).

جگە لەمانەش کتێبە پزیشکییەکانی (ابن سینا)[xi] بە گەورەترین کاری وەرگێڕان دادەنرێن, بە تایبەت کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (القانون فی الطب)[xii], کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی لاتینی و پاشان چاپکراوە و بە ئەوروپادا بڵاوکراوەتەوە، ئەم کتێبە بەردەوام سەرچاوەی سەرەکیی زانستی پزیشکی بووە لە ئەوروپادا، هەتاوەکو سەرەتاکانی سەدەی تازە و تەنیا لە سەدەکانی (٩_١٠ک/ ١٥ز) و (١٠_١١ک/ ١٦ز)دا ئەم کتێبە سی وپێنج (٣٥) جار چاپکراوەتەوە (العلمي (د.ت): 250 ـ 270)، هەروەها (ابن سینا) کتێبی (الشفاء) هەیە، کە بە ئینسایکلۆپیدیایەکی گشتی لە زانستەکان و فەلسەفەدا دادەنرێت (صلیبا، 1992: 85 ـ 110) ، و (ابوبكر راز)یش کتێبی (الحاوي في الطب)ی نوسیوە، کە کاریگەرییەکی باشی لە ئەوروپادا هەبووە (السامرائي، 1990: 155 ـ 160) ، هەروەکو چۆن (الزهراوی) کتێبی (التصريف لمن عجز عن التأليف) هەیە، کە بە ئینسایکلۆپیدیایەکی پزیشکی بەناوبانگ دادەنرێت، تێیدا باسی نزیکەی دووسەد (٢٠٠) ئامێری نەشتەرگەری بە وێنەوە کردووە (السعيد، 2000: 20) ، (جیراردو دا کریمونا) ئەو بەشەی بۆ سەر زمانی لاتینی وەرگێڕاوە، کاتی خۆی لە کۆلێژە پزیشکییەکانی ئەوروپادا بۆ چەند سەدەیەک خوێندراوە (الضبي، 1967: 286).

ئەندەلوس و باشوری ئیتالیا گرنگترین شوێنبوون بۆ بەیەکگەیشتنی زانایان و ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان زمان و کەلتووره جیاوازەکاندا, لە لایەکی ترەوه هەر لە ڕۆژهەڵاتی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامەوە بۆ ڕۆژئاوای ئەو شارستانیەتە بە دەیان زانای بە ناوبانگ و کەسیەتی زانستی دەرکەوتن, کە بوونەتە هۆکاری بەرەوپێشچوونی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام لە سەرجەم بوارەکاندا.

## ئەنجام

گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە لەم چەند خاڵەدا بەرجەستە دەبێت:

1) لە گەشەکردن و پێشکەوتنی ڕەوتی شارستانیەتی هەرجیهانێک کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکی دەبنە هۆی گەشەکردنی شارستانیەتی ئەو جیهانە و بۆ شارستانیەتی جیهانی ئیسلامیش ئەمە ڕاستە.
2) گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین شارستانیەتی جیهانی مەسیحی بناغە و هۆکاری سەرەکی گەشەکردنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلامە بە تایبەت لە ڕێگای بزوتنەوەی وەرگێڕان و ڕۆڵی زانایانی مەسیحی لەو بوارەدا.
3) هەروەها لە گەشەکردنی ئەو شارستانیەتەدا چەندین هۆکاری گرینگ ڕۆڵیان هەبووە چ وەک هۆکاری کەسی و هۆکاری بابەتی و ناوچەی.
4) گەیشتینە ئەو ئەنجامەی, کە گەشەکردنی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام, پەیوەندارە بە بەهێزی خودی ئایینی ئیسلام وەک ئاینێکی ئاسمانی و تەواوکەری ئایینی مەسیحییە بە فۆڕمی جیاواز.

## سەرچاوەکان


- قورئانی پیرۆز
- ابن الاثير: علي بن محمد بن عبد الكريم الجزري, (ت: ٦٣٠ هـ/ ١٢٣٣م):

١.الكامل في التاريخ , تح/ عمر عبد السلام تدمري, دار الكتاب العربي، بيروت, ١٩٩٧م.

- ابن الفقيه: أحمد بن محمد بن إسحاق الهمذاني, (د.ت):

٢.البلدان, ط١, تح/ يوسف الهادي, عالم الكتب، بيروت, 1996م.

- ابن النديم: محمد بن إسحاق بن محمد بن إسحاق, (ت: ٣٨٥هـ/ ٩٩٥م):

٣.الفهرست, تح/ إبراهيم رمضان, دار المعرفة, بيروت, 1997م.

- ابن خرداذبة: أبو القاسم عبيد الله بن عبد الله, (ت: د.ت):

٤.المسالك والممالك, مطبعة بريل, ليدن, ١٨٨٩م.

- ابن خلدون: عبد الرحمن بن محمد بن محمد بن الحسن بن جابر بن محمد بن إبراهيم بن عبد الرحمن بن خلدون الحضرمي, (ت: ٨٠٨ هـ/ ١٤٠٦م):

٥.مقدمة, تح وتقد و تع/ عبدالسلام الشدادي, ط١، خزانة إبن خلدون, دار البيضاء، المغريب, 2005م.

- ابن سعد: محمد بن سعد بن منيع البغدادي, (ت: ٢٣٠ هـ/ ٨٤٥م):

٦. الطبقات الكبرى, ط٢, تح/ زياد محمد منصور, مكتبة العلوم والحكم, المدينة المنورة, ١٤٠٨م.

- ابن عساكر: أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله بن عبد الله الشافعي الدمشقي, (ت: ٥٧١ هـ/ ١١٧٦م):

٧.تبيين كذب المفتري فيما نسب إلى الإمام أبي الحسن الأشعري, دار الكتب العلمية, بيروت, 1995م.

- ابن كثير: إسماعيل بن عمر بن كثير بن ضوء بن كثير بن درع القرشي الدمشقي الشافعي, (ت: 774 هـ/ 1373 م):

٩. البداية والنهاية, تح/ علي شيري, دار إحياء التراث العربي, بيروت, ١٩٨٨م.

- أبو الفداء: إسماعيل بن علي بن محمود بن محمد بن عمر بن شاهنشاه بن أيوب, (ت: 732 هـ/ 1331 م):

١٠.المختصر في أخبار البشر, ط١, المطبعة الحسينية المصرية, (د.م), (د.ت).

- ابن عبد ربة الأندلسى: أبو عمر أحمد بن محمد بن عبد ربه بن حبيب بن حدير بن سالم, (ت: ٣٢٨هـ / ٩٤٠م):

١١.عقدر الفريد, شر/ أحمد أمين, دار الكتاب العربى, بيروت, (د.ت).

- الخطيب البغدادى: أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي البغدادي, (ت: 463 هـ/ 1071 م):

١٢.الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع, دار المعارف, القاهرة, 1983م.

١٣. تأريخ بغداد, تح/ بشار عواد معروف, ط١, دار الغرب الاسلامي, بيروت, 2001م.

- عبدالقاهر البغدادي: أبو منصور عبد القاهر بن طاهر بن محمد البغدادي التميمي, (ت: 429هـ/ 1037م):

١٤. الفرق بين الفرق, دار الكتب العلمية, بيروت, 1997م.

- البلاذري: أحمد بن يحيى بن جابر بن داوود البلاذري, (ت: ٢٧٩ هـ/ ٨٩٢ م):

١٥.فتوح البلدان, دار ومكتبة الهلال, بيروت, ١٩٨٨م.

- الثعالبي: عبد الملك بن محمد بن إسماعيل الثعالبي, (ت: ٤٢٩ هـ/ ١٠٣٨م):

١٦. يتمة الدهر في محاسن أهل العصر, دار الكتب العلمية, بيروت, 1983م.

- ياقوت الحموى: : شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي الحموي, (ت: 626هـ / 1229م):

١٧.البلدان, ط١, دار الكتب العلمية، بيروت, 1422م.

- ابن العماد الحنبلي: عبد الحي بن أحمد بن محمد ابن العماد العكري الدمشقي الحنبلي, (ت: 1089 هـ/ 1679م):

١٨.شذرات الذهب في أخبار من ذهب, ط١, تح/ محمود الأرناؤوط, دار ابن كثير، دمشق, 1986م.

- السيوطي: جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي, (ت: ٩١١هـ/ ١٥٠٥م):

١٩. تاريخ الخلفاء, ط١, تح/ حمدي الدمرداش, مكتبة نزار مصطفى الباز, (د.م), 2004م.

- الشهرستاني: أبو الفتح محمد بن عبد الكريم بن أبى بكر أحمد الشهرستاني (ت: 548هـ/ 1153م):

٢٠.الملل والنحل, مؤسسة الحلبي, (د.مط), (د.ت).

- أبو جعفر الضبي: أبو جعفر أحمد بن يحيى بن أحمد بن عميرة, (ت: 599 هـ/ 1203 م):

٢١. بغية الملتمس في تاريخ رجال أهل الأندلس, دار الكاتب العربي, القاهرة, 1967م.

- الطبري: محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب الطبري, (ت: 310هـ/ 923م):

٢٢.تاريخ الطبري, تاريخ الرسل والملوك، وصلة تاريخ الطبري, ط٢, دار التراث, بيروت, 1997م.

- الكعبي: أبو القاسم عبد الله بن أحمد البلخي, (ت: 319 هـ/ 931 م):

٢٢. المقالات والفرق, دار الأندلس, بيروت, 1978م.
- المسعودي: أبو الحسن علي بن الحسين بن علي المسعودي, (ت: 345هـ/ 956م):
٢٣. التنبيه والإشراف, تص/ عبد الله إسماعيل الصاوي, دارالصاوي, القاهرة, (د.ت).
- اليعقوبي: : أحمد بن أبي يعقوب بن واضح اليعقوبي, (ت: 284هـ/ 897م):
٢٣. البلدان, ط١, دار الكتب العلمية، بيروت, 1422م.
- الأزدي: أبو عبد الله محمد بن فتوح بن عبد الله بن فتوح بن حميد الأزدي الميورقي الحميدي, (ت: 488 هـ/ 1095م):
٢٤.تاريخ علماء الأندلس , ط٢, تص/ السيد عزت العطار الحسيني, مكتبة الخانجي، القاهرة, 1988م.
- محمد أبو زهرة:
٢٥.تاريخ المذاهب الإسلامية, دار الفكر العربي, القاهرة, 1996م.
٢٦.عكا في التاريخ: دراسة في تاريخ المدينة وميناؤها, دار الفكر العربي, بيروت, 1995م.
- كارل بروكلمان:
٢٧.تاريخ الشعوب الإسلامية, تر/ نجيب عقيقي, ار العلم للملايين, بيروت, ١٩٨٢م.
- ج. كراوس
٢٨.الحروب الصليبية العلاقات بين الشرق والغرب, تر/ عبد الهادي شعيرة, دار الهلال, القاهرة, 1998م.
- عبدالله الجبوري:
٢٩.الخوارج في الإسلام: نشأتهم وتاريخهم وآراؤهم, دار الفكر, دمشق, 1986م.
- إبراهيم  حسن:
٣٠.العبيد والموالي في الدولة الإسلامية, مكتبة النهضة المصرية, القاهرة, ١٩٦٠م.
- حسين مؤنس:
٣١. الحروب الصليبية وتأثيرها على الحضارة الإسلامية والغرب, دار المعارف, القاهرة, 1984م.
- ألبرت حوراني:
٣٢.الإسلام في الفكر الأوروبي, تر/ كمال السيد, دار النهار, دمشق, 1991م.
- نخبة من الباحثين العراقيين
٣٣. حضارة العراق, بغداد, وزارة الإعلام العراقية, بغداد, 1985م.
- سليمان الدخيل:
٣٤. الفوز بالمراد فى التاريخ بغداد, تع/ محمد زينهم محمد عزب, ط١,دار الأفاق العربية, القاهرة, ٢٠٠٣م.
- محمد عبد الله دراز:
٣٥.الفكر الإسلامي وتياراته, دار الفكر العربي, القاهرة, 1978م.
- عبد العزيز الدوري:
٣٦. الموالي في الدولة الأموية والعباسية, دار الغرب الإسلامي, بيروت, ١٩٨٥م.
٣٧.المعارف, تح/ ثروت عكاشة,ط٢, الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة, 1992م.
- محمد أمين زكى:
٣٨.الأكراد عبر التاريخ, دار التنوير للطباعة والنشر, بيروت, ١٩٧٦م.
- عبدالقادر زلوم:
٣٩.البصرة في العصر العباسي, دارالنهضة العربية, بيروت, 1985م.
- جرجي زيدان:
٤٠.تاريخ اداب االلغة العربية, تعل/ شوقى ضيف, دار الهلال, (د.ت).
- كمال السامرائي:
٤١.تاريخ الطب العربي, دار القلم العربي, دمشق, 1990م.
- سزكين، فؤاد
٤٢.التراث العربي في الغرب, دار الغرب الإسلامي, بيروت, 1983م.
٤٣.تاريخ الطب العربي,ط٢,  معهد التراث العلمي العربي, حلب, 1991م.
- عبدالله عبدالرزاق مسعود السعيد:
٤٤.من رواد الطب عند العرب والمسلمين الزهراوى الطبيب الرائد المؤسس للعلم الجراعة, ط١, (د. مط), (د.م), 2000م.
- مصطفى عباس الموسوي:
٤٥.العوامل التاريخية لنشأة وتطور المدن العربية الاسلامية, دار الرشيد للنشر, بغداد, 1982م.
- جودة و صبح، محمحد محمود هلال،:
٤٦.قرطبة فى التاريخ الاسلامى, الهيئة المصرية العامة للكتاب, القاهرة, 1986م.
- آدم متز:
٤٧.الحضارة الإسلامية في القرن الرابع الهجري, عصر النهضة في الإسلام, ترو تح/ محمد عبد ٢٤.الهادي أبي ريدة ،ط١, مكتبة وهبة للطباعة والنشر لقاهرة, 1941م.
- مجموعة من الباحثين  بإشراف محمد عبد المنعم خفاجي:
٤٨.الأزهر في ألف عام, دار المعارف, القاهرة, 1969م.
- محمد عبدالرحمن مرحبا:
٤٩.الفكر الفلسفي عند المسلمين وتأثيره في أوروبا, ط١, دار النهضة العربية، بيروت, 1980م.
- سعيد عبدالفتاح عاشور:
٥٠.تاريخ أوروبا فى العصور الوسطى, دار النضهة العربية, بيروت, ١٩٧٦م.
- إحسان عباس:
٥١.العرب في صقلية, دراسة في التاريخ والأدب, ط١, دار الثقافة، بيروت, 1975م.
- محمد عبدالقادر:

٥٢.الإسكندرية تاريخ ميناء المدينة, دار المعارف، القاهرة, 1987م.

- محمد حسان عبيد:

٥٣.المراكز العلمية فى المشرق الإسلامى ودورها الحضارى فى العصر العباسى الاول, (١٣٢_٢٣هـ/ ٧٤٩_٨٤٦م), رسالة ماجستير منشورة, معهد بحوث والدراسات العالم الاسلامى, جامعة أم درمان الاسلامية, الخرطوم, 2010م.

- العلمي، عبدالهادي

٥٤.التراث الطبي الإسلامي وتأثيره على الغرب, دار الفكر, دمشق, (د.ت).

- حسين عبدالله العمري:

٥٥.عدن عبر التاريخ, دار العودة، بيروت, 1980م.

- لويس عوض:

٥٦.إخوان الصفا فلسفتهم وغاياتهم, دار الهلال, القاهرة, 1993م.

- مصطفى غالب:

٥٧.الإسماعيلية تاريخ وعقائد, دار الأندلس, بيروت, 1964م.

- فاسيلى فلاديميروفتش:

٥٨.تاريخ الحضارة الاسلامية, ط١, تر/ حمزة طاهر, دار المعارف, مصر, 1966م.

- أنستاس ماري الكرملي:

٥٩.خلاصة تاريخ العراق منذ نشوئه إلى يومنا هذا, مؤسسة هنداوي, القاهرة, 2020م.

- سليم طه التكريتي:

٦٠.بيت الحكمة واثره فى النهضة الفكرية ( مقالة فى مجلة المؤرخ العربى), العدد, ١٤, بغداد, 1980م.

- فهمی بورهان:

٦١.کاریگەریی پێکهاتە نامسوڵمانەکان لە شارستانیەتی ئیسلامدا (٤١_٣٣٤ک/ ٦٦١_٩٤٥ز), نامەی ماستەر بڵاونەکراوە, زانکۆی سلێمانی, کۆلێژی زانستە مرڤایەتییەکان, بەشی مێژوو, ٢٠٢٤ز.

- سەلاح کانەبی:

٦٢.بازرگانی میسر لە سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبیدا (٥٦٧ _ ٥٨٩ک/ ١١٧١_١١٩٣ز), نامەی ماستەر بڵاونەکراوە, زانکۆی سلێمانی, کۆلێژی زانستە مرڤایەتییەکان, بەشی مێژوو, ٢٠٠٣ز.

- Ashtor, Eliyahu:

63. A Social and Economic History of the Near East in the Middle Ages. University of California Press, Berkeley, 1976AD.

- Claude, Cahen:

64. Orient et Occident au temps des croisades, Aldine Publishing Company, Chicago Aubier, 1983AD.

- El-Cheikh, Nadia Maria:

65. Byzantium Viewed by the Arabs. Harvard University Press, Cambridge, 2004AD.

- Goitein, S. D:

66. A Mediterranean Society: The Jewish Communities of the Arab World as Portrayed in the Documents of the Cairo Geniza. University of California Press, Berkeley,1967AD.

- Howard Eves

67. An Introduction to the History of Mathematics. Brooks Cole, Belmont, (6th ed.), 1990AD.

- Larkin, Margaret:

68. "The Middle Ages." In *The Quran: An Encyclopedia*, edited by Oliver Leaman, Routledge, Landon, 2006AD.

- Roshdi, Rashed:

69. Al-Khwarizmi: The Beginnings of Algebra. In The Development of Arabic Mathematics Between Arithmetic and Algebra. Springer, Berlin, 1994AD.

- Segovia, Fernando:

70. The Quran and Its Translators. *The Journal of Qur'anic Studies*, Edinburgh University Press, Edinburgh, 2000AD.

- Spiegel, Gabrielle M:

71. The Chronicle Tradition of Saint Louis, Cornell University Press, Ithaca, 1993AD.

- Watson, Andrew M:

72. Agricultural Innovation in the Early Islamic World: The Diffusion of Crops and Farming Techniques, 700-1100. Cambridge University Press, Cambridge, 1983AD.

## پەراوێزەکان

[i] (الموالى) وشەیەکە بۆ ئەو مسوڵمانانە بەکار هاتووە, کە غەیرە عەرەبن وەکو فارس و کورد و ... هتد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( الطبرى: تاريخ..., ج٨/ ص٣٥-٣٦؛ حسن علي إبراهيم: الموالي في العصر العباسي الأول دراسة في التاريخ الاجتماعي, دار الفكر العربي, ١٩٨٨م, ص ١٥-٢٥).

[ii] آدم متز**(Adam Metz),** مێژوو نوسوو ڕۆژهەتناسێکی دیاری ئەڵمانییە و لە ساڵی( ١٨٦٩ز) لە دایک بووە و لە ساڵی (١٩١٧ز) کۆچی دوای کردووە, بە یەکێک لە دیارترین ئەو کەسانە دادەنرێت, کە پسپۆڕ بوون لە مێژووی شارستانیەتی جیهانی ئیسلام بە تایبەت مێژووی دەوڵەتی عەبباسی بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( **Ira M. Lapidus: History of Islamic Societies, Cambridge University Press, Cambridge, 2002, p 255-260.**

[iii] بە یەکێک لە بەناوبانگترین وەرگێڕەکانی قوتابخانەی طلطلية دادەنرێت بۆ وەرگێڕانی ئەو زانستانەی ببونە هۆی بووژانەوەی جیهانی مەسیحی لە سەدەی دوازدەی زایینی بۆ زانیاری زیاتر براوانە: (الزركلي: الأعلام, ج٢/ ص ١٤٩).

[iv] عەرەبە کۆنەکان پێیان دەگوتن الأردمانيون يان المجوس یاخود (**Norðmanðr**) «نورذمانذر» واتا پیاوانی باکوور, بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (الذهبي: سير أعلام النبلاء, مجموعة من المحققين بإشراف الشيخ شعيب الأرناؤوط, مؤسسة الرسالة, (د.م), ١٩٨٥م, ج٨/ ص ٢٦١؛ محمد عبد الله عنان، دولة الإسلام ...، ج٥/ ص٧٢٨-٧٢٩).

[v] ليوناردو فيبوناتشي زانایەکی ئیتاڵی بە ناوبانگە لە بواری زانستی بیرکاریدا و بە یەکێک لە دیارترین زانایانی سەدەکانی ناوەڕاست دادەنرێت بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( **Howard Eves: An Introduction to the History of Mathematics. Brooks Cole, Belmont, 1990A.D, p261).**

[vi] أبو علي الحسن بن الحسن بن الهيثم البصري, یەکێکە لە زانا دیارەکان لە بواری زانستەکانی بیرکاری و فەلەکناسی و زانستی پزیشکی چاو و چەندین بواری تر بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (الأزدي: جذوة المقتبس في ذكر ولاة الأندلس, ص ٤٠٧).

[vii] ئیسحاق نیوتن (**Isaac Newton**) یەکێکە لە زانا بەتواناکانی بواری فیزیک و ماتماتیک لە ساڵی (١٦٤٢ز) لە دایک بووە و لە ساڵ(١٧٢٧ز) کۆچی دوای کردووە, بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (جيل كريستيانسن: إسحاق نيوتن والثروة العلمية, ط١, تعريب مروان البواب, ٢٠٠٥م, ص١٢).

[viii] ڕینی دیکارت (**René Descartes**) ، زانایەکی فەلسەفی و ماتماتیکی فەڕەنسی بوو، کە بە ناوی پیاوی " دڵاوەران" و "پیاوی فەلسەفی نوێ" ناسرا بوو, بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: **Stephen Gaukroger: Descarte An Intellectual Biography Clarendon Press, Oxford, 1995A.D, 1-30).** )

[ix] جان دي جوانفيل (**Jean de Joinville**) نوسەرێکی دیاری فەڕەنسی بووە لە سەدەکانی ناوەڕاست, بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( **University of Notre Dame Press, Notre** .(**Jacques Le Goff**: **Saint Louis, Dame, 2009A.D, p 45-70**

[x] جيراردو الكريموني (**Gerard of Cremona**) وەرگێڕێکی بەناوبانگی ئیتاڵی بووە بەوە ناسراوە, کە بەرهەمێکی زۆری وەرگێڕاوە لە زانستە جۆراو جۆرەکان لە شارستانیەتی جیهانی ئیسلامەوە بۆ شارستانیەتی جیهانی مەسیحی گواستونییەوە, بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( **Margaret Smith: The Arabic Role in Medieval Literary History: A Forgotten Heritage, University of Pennsylvania Press, Philadelphia, 1991A.D, p 89-105).**

[xi] ناوی تەواوی أبو علي الحسين بن عبد الله بن الحسن بن علي بن سينا لە ماوەی ساڵانی (٣٧٠-٤٢٨ک/ ٩٨٠-١٠٣٧م)، ژیاوە و یەکێک بووە لە زانا و پزیشک و فەیلەسوفانی ئیسلام و تۆمەتبار کراوە بەوەی, کە گوایە مولحید بووە, بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (سليمان دنيا: ابن سينا حياته وفلسفته, دار المعارف, بيروت, ١٩٦٠م, ص ١٢٠_١٦٠).

[xii] (القانون في الطب), یەکێکە لە کتاب بەناوبانگەکان لەلایەن زانای مسوڵمان ابن سينا لە سەدەی (١١) زایینی نوسرا و لە گرینگترین کتێبەکانە لە بواری زانستی پزیشکی و بناغەیەکی گرینگە بۆ ئەو زانستە, بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ابن العطار: تحفة..., ص٥١؛ عبد الهادي العلمي: التراث الطبي الإسلامي وتأثيره على الغرب, دار الفكر, دمشق, (د.ت), ص ٢٥٠_٢٧٠).


## Abstract

The discussion of the factors contributing to the development of Islamic civilization is a significant topic that necessitates extensive research. Numerous diverse and crucial factors played a role in the flourishing of Islamic civilization during the medieval centuries. These include political, economic, religious, and social factors, as well as the historical circumstances of the time and other important elements.

On another level, the role and personality of the caliphs and rulers in the Islamic civilization became one of the main drivers of its progress. Despite the vastness of its boundaries, the inclusion of different ethnic compositions, the rapid growth of commerce, and the interaction of Islamic civilization with Christian civilization, these elements facilitated the transfer of governance philosophies and the exchange of administrative experiences.

Moreover, intellectual debates among Islamic groups were another influential factor in the development of Islamic civilization. The renewed understanding and reinterpretation of Islamic religious texts during this period led to broader intellectual engagement and cultural exchange. Intellectual groups like the Mu'tazilites, Ikhwan al-Safa, and other philosophical groups each contributed through their unique intellectual or doctrinal outputs to a transformation in the thinking of Muslims and non-Muslims alike.


**Keywords**: Key factors, development, Islamic civilization, significant.